The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# بەتوندی بەرامبەر بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغداد دەوەستینەوە

**هەروەک هەمووان دەزانن عێراقی ئەمڕۆ گیرۆدەی شەڕێکی تایفەگەری نێوان سونەو شیعەکان بووە، ئەم شەڕە کە زەرەر مەندی یەکەم تیایدا هاوڵاتیانی سڤیلە رۆژانە زەفەر بە گیانی سەدان کەسی بێ تاوان دەبات.**
**بۆ هیچ لایەنێکی ئاگادار شاراوە نی یە کە دامەزراوە ئاینیەکانی شیعە و سونە بە هاوکاری دەوڵەتانی وەک ئێران و سوریا و سعودیەو تورکیا بە مەبەستی سیاسی خۆیان گەلانی عێراقیان دوچاری ئەم شەڕە کردووە، ئەمڕۆ لە عێراقدا شتێک نیە ناوی دەوڵەت و یاسا بێت بە پێچەوانەوە لە تەواوی هەرێمەکانی عێراقدا میلیشیا چەکدارەکانی توند ڕەوەی ئیسلامی شیعەو سونە هەریەک لە سوچێکدا حکومەتێکی بۆ خۆی پێکهێناوە..**
**هەرچەندە هەتا ئەمڕۆ ژمارەیەکی یەکجا زۆری هاوڵاتیانی کورد لە موسل و کەرکوک و بەغداد لە سەر کوردبونیان دەکوژرێن و بە هەزارەها کوردیش لە بەغداد و موسڵ دەربەدەر کراون بەڵام خۆشبەختانە ئەو شەڕە لە هەرێمی کوردستانەوە دوور بووە..**
**هاوڵاتیانی هێژا:**
**سەرکردایەتی کورد کە هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە شوێنەواری بە عەرەب کردن و ژینۆسایدی کوردستان بسڕێتەوە، کە هەتا ئەمڕۆ تەنانەت ناتوانێت داهاتی کوردستان لە پارەی نەوتی دزراوی کوردستان دابین بکات و ئابلوقەی سوتەمەنی و کارەباو دەرمانیشی دەخرێتە سەر لە جیاتی ئەوەی کار بۆ باشکردنی ژیانی پێشمەرگەو هاوڵاتیانی کوردستان بکات کەچی بە پێچەوانەوە رۆڵەکانی گەلی کورد ڕەوانەی باشوری عێراق دەکات و دەیانکاتە خۆراکی میلیشیا دڕندەکانی سەدرو قاعیدە...**
**ناوەندی هەڵەبجە لە کاتێکدا زۆر بە توندی دژی ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی کوردستان هەڵوێست وەردەگرێت داوا لە جەماوەری کوردستان دەکات کە بە خۆپیشاندان و مانگرتن داوای گەڕانەوەی رۆلەکانیان بکەن بەرلەوەی بکرێنە فلیمی ڤیدۆ و بە سەربڕاوی ئەنفال بکرێنەوە!**
**ناوەندی هەڵەبجە زۆر بەتوندی  داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارلەمان دەکات کە ئەم بڕیارە هەڵوەشیننەوە دەنا ئەگەر تاقە یەک پێشمەرگەش لە نێو شەقامە وێرانەکانی بەغداد بکوژرێت بەرپرسیارەتی مێژویی لەئەستۆی بەرپرسانی سیاسی کوردستانە .**

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و ژینۆسایدی گەلی کورد
## چاک 08ی ژانیوەی 2007